# هاوبێژی و فرەواتایی مۆرفیمی [نە] لە دەقی شیعرەکانی مەولەوی دا

پ.ی.د. عثمان كريم عبدالرحيم

othman.abdalrahim@univsul.edu.iq

بەشی زمانی کوردیی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتیی زانکۆی سلێمانی

ڕێکەوتی وەرگرتنی توێژینەوە : ٢٠٢٤/١٠/١٢ ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی توێژینەوە: ٢٠٢٥/٠٦/٢٢

**پوختە:**

توێژینەوەکە بە ناونیشانی (هاوبێژی و فرەواتایی مۆرفیمی [نە] لە دەقی شیعرەکانی مەولەوی دا) هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی بەشێک لە شیعرەکانی(سەید عەبدولڕەحیمی مەلا سەعید)، کە بە (مەولەوی) ناسراوە، بە تایبەت ئەو دەقە شیعرییانەی، کە مۆرفیمی [نە]یان تێدایە، شرۆڤەیەکی زمانەوانییە، بە پێی ئاستە هاوبەشەکانی مۆرفۆلۆجی و سینتاکس و سیمانتیک، کە مۆرفۆسیماسینتاکسییانە بابەتەکە پەسنکراوە و شیکاری بۆ فۆرمەکانیان کراوە، پاشان بە پێی واتای ڕاستەقینەی مۆرفیمەکان پۆلێنبەند کراون. توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکدێت: بەشی یەکەم لایەنی تیۆریی توێژینەوەکەیە، کە خۆی لە ناساندنی هاوبێژی و فرەواتایی دەبینێتەوە، جیاوازی و لێکچوونیان دەخرێنە ڕوو...، بەشی دووەمیش بۆ شرۆڤەکردنی مۆرفیمەکەیە لە دەقە شیعرییەکانی مەلەوی دا، هاوکات شرۆڤە سیماسینتاکسییەکانی بەکارهێنانی مۆرفیمی [نە] وەک پێشناو (preposition) و پاشان لە ڕووی مۆرفۆلۆجییەوە وەک ئامرازی گەردانکردن، کە ئەویش نەرێکردنی کرداری ڕابردووە لە شێوەزارەی هەورامیی زمانی کوردیدا، واتا ئەم مۆرفیمە لە دوو ڕۆڵدا دەبینرێت، جارێک وەک هاوبێژ، جارێکیش وەک فرەواتا دەردەکەوێت.

**کلیلەوشەکان:** هاوبێژیی، فرەواتایی ، مۆرفیمی [نە] و چالاکیی بەکارهێنانی لە دەقی شیعری مەولەوی، پێشناو، مۆرفیمی نەرێکردن.

## 0/ پێشەکی

### 0-1/ ناونیشانی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە، بە ناونیشانی (هاوبێژی و فرەواتایی مۆرفیمی [نە] لە دەقی شیعرەکانی مەولەوی دا)یە، هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی مۆرفیمی [نە] لە ناو دەقە شیعرییەکانی مەولەوی، کە لە زۆر شوێنی دەقەکاندا دووبارەبووەتەوە، ئەم مۆرفیمە وەک وشەیەکی ئەرکیی لە دروستەی گرێ پێشناوییەکاندا ڕۆڵی بینیوە_ هەروەها وەک مۆرفیمی نەرێکردنی کرداریش دەرکەوتووە.

**2-0/ سنوور و ڕێبازی توێژینەوەکە:**

سنووری توێژینەوەکە دەقە شیعرییەکانی مەولەوییە، هاوکات ڕێبازی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی پەسنکارانەیە و ڕاڤەی ئەو گرێ سینتاکسییانە دەکات، کە مۆرفیمی [نە]یان تێدایە، پاشان داتا و ئامارێکی ورد بۆ ئەو مۆرفیمە کراوە، کە وەک ئەنجامێکی گرنگی توێژینەوەکە بەدەست هاتووە.

**3-0/ گرنگیی و هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە**

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە، بەکارهێنانی دەقی شیعرییە لە ژێر تیشکی شیکارە زمانییەکاندا، ئەدەب زمانی باڵای هەموو نەتەوەیەکی زیندووە، ئەو دەقانە بە پێی سەردەمەکانی بەکارهێنان و شوێنی دیاریکراوی جوگرافیی لە ناو میتۆدە سینکرۆنییەکاندا ڕێگەپێدراوە و پەیبردن بەو بابەتە، بەرئەنجامی وردبوونەوەیەکی زانستییە لە دەقە شیعرییەکانی مەولەوی، کە هەر ئەمەش بووە هۆکاری هەڵبژاردن و لەدایکبوونی ئەم توێژینەوەیە، چونکە کاری بەراوردکردن و زمانحاڵی توێژینەوەکە زمانە یەکگرتووەکەیە، کە زاری کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردییە، لێکنزیکیی مۆرفۆلۆجی و سینتاکسی هەردوو زارەکە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت، دوو زارەکە لە ژێر چەتری زمانێکدا یەکانگیر دەبنەوە.

**4-0/ ناوەڕۆکی توێژینەوەکە**

توێژینەوەکە لە پێشەکییەک و دوو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە. بەشی یەکەم بۆ لایەنە تیۆرییەکانی توێژینەوەکە تەرخانکراوە و بەشی دووەمیش تایبەتە بە ناوەرۆکی بابەتەکە و نموونە شیعرییەکانی مەولەوی وەک کەرەستەی سەرەکیی توێژینەوەکە بەکارهێنراوە، بە سەر دوو تەوەرە دابەشکراوە، کە یەکەمیان تایبەتە پێشناوی (نە) و دووەمیان بۆ مۆرفیمی وشەگۆڕی نەرێکردنی کرداری ڕابردووی هەواڵی و ڕابردووی بەردەوامی دانانی و ڕانەبردووی دانانی (ئیلزامی).

**1/ بەشی یەکەم: دیاردەی هاوبێژی و فرەواتایی لە مۆرفیمی سەربەخۆی ئەرکیی و مۆرفیمە بەندە وشەگۆڕەکاندا**

لە ناو پەیوەندییە واتاییەکاندا (Semantic Relationship)، کە پەیوەندییەکانی نێوان (واژە و واتا)یان پێ شیدەکرێتەوە، بریتین لە هاوبێژی و فرەواتایی، لەپاڵ هاوواتایی و دژواتایی و لێلواتایی و هایپۆنیمی و میرۆنیمی ...هتد، کە بە درێژایی مێژوو لە سەردەمی هیندی و یۆنانییە کۆنەکانەوە لەو بابەتانەیان کۆڵیوەتەوە و بەردەوام خۆیان پێوە سەرقاڵکردووە، کە بەشێکی بۆچوونەکانی ئەمڕۆ زادەی ئەو لێکدانەوە مێژووییانەی ئەو دیاردانەن.

sjh@univsul.edu.iq

**1-1/ هاوبێژیی چییە؟**

دیاردەیەکی زمانەوانییەو دوو مۆرفیم، یان زیاتر کە نەژادیان جیاوازە و بە هۆی گۆڕانێکی دەنگییەوە لە یەک دەچن.

بوونی دوو مۆرفیم یان زیاتری سەربەخۆی فەرهەنگییە، لە پۆلە ئاخاوتنەکانی (ناو، ئاوەڵناو، کردار، ئاوەڵکردار)، کە لە شێوە و ڕوخساردا وەک یەکن، بەڵام هیچ پەیوەندییەکی واتایی لە نێوانیاندا بەدیناکرێت. (محەمەد 2016، 43)

پێشگری [دا-] لەگەڵ پاشناوی [-دا]، کە لە ڕووی واتا و بەرکاهێنانیانەوە دوورن، بەڵام لە شێوەو فۆمدا لەیەک دەچن... وەک: داچوون، دابەزین، داهێنان، داڕزان، ...هتد. کە وەک مۆرفیمێکی بەندی وشەدارێژ "یەکێکە لەو مۆرفیمانەی نیشانەی ئاوەڵکرداریی [+ئاڕاستە]ی بەرەو خوارەوەی هەیە." (مەعرووف 2020، 208)

لە کەرکوکدا، بە سلێمانیدا،....هتد. پاشگرەکە واتای جێگیری دەگەیەنێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە پەیوەندیی واتایی لە نێوانیادا نییە، بۆیە وەک دیاردەیەکی هاوبێژی ناو مۆرفیمە ئەرکی و بەندەکان هەژمار دەکرێت.

**2-1/ فرەواتایی چییە؟**

دیاردەیەکی زمانەوانییە، مۆرفیمێک چ سەربەخۆ بێت، یان بەند، بۆ چەمکێکی تری زمانی بە هەمان فۆرمەوە بەکاردەهێنرێت و تەنیا واتاکەی فراوان دەبێت و پەیوەندیی واتایی لە نێوانیاندا هەر دەمێنێت.

(ڕۆزەنتەڵ) دەڵێت: ئەو کۆمەڵە وشەیەیە، کە واتایەک دەیانبەستێت بەیەکەوە، لە ئەنجامی گەشەسەندنی واتای یەکەمی وشەکەوە هاتوونەتە ئاراوە. (محەمەد 2016، 28) واتە "لە ئەنجامی گەشەکردن و بەکارهێنانی وشەکان لە بارودۆخی جیاوازدا ، وشە دەبێتە خاوەنی واتای نوێ، زۆرجار ئەم واتایانە بە هۆی گۆڕان لە نیشانەیەک یان چەند نیشانەیەکدا دەردەکەوێت بۆ واتا و مەبەستێکی تر بەکاردەهێنرێت." (حەسەن 2014، 38)

لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا ئەم دیاردەیە زۆر بەکاردەهێنرێت و بە ئاسانی پەیپێدەبرێت، کە "یەک چەمک و مەبەست کۆیان بکاتەوە و یەک نەژاد و بنچینەیان هەبێت." (محەمەد 2016، 41)

لە ئاستی مۆرفیمی بەندا "مۆرفیمێک لە شوێنی جیاجیادا دوو ئەرکی نزیک بە یەک ببینێت." (س. قادر 2000، 101) ئەرکیش بەشێکە لە واتا.

**3-1/ هاوبێژیی و فرەواتایی وەک دوو دیاردەی هاوسەنگ**

وەک پێشتر ئاماژەی بۆ کرا؛ هاوبێژیی و فرەواتایی دوو دیاردەی گرنگی ناو پەیوەندییە واتاییەکانن، کە زۆر لایەنی لێکچوونی لە نێوانیاندا هەیە، هەر ئەمەشە وایکردووە لە هەندێک زمانی جیهانیشدا پێکەوە باس بکرێت و بۆچوونی لە سەر

sjh@univsul.edu.iq

دەربڕین، واتە ئەگەر لایەنی فۆرم بکرێت بە بنەمای پێناسەی هاوبێژی و فرەواتایی ئەوا دەگوترێت: "هاوبێژیی بریتییە لە چەند واتایەک کە یەک فۆرمیان هەبێت" (الماشطة 1985 ، 117)، ئەگەر ئەم پێناسەیە وردبکرێتەوە دەتوانرێت بۆ فرەواتاییش هەمان پێناسە بکرێت، بەڵام (ئەورەحمانی حاجی مارف) مەرجی جیاوازیی واتایی بەکارهێناوە لە هەمان پێناسەی هاوبێژییدا، کە ئەمەش بە خاڵی جیاکەرەوەی نێوانیان دادەنرێت. بڕوانە (مارف 1975، 15). هەرچی (محمد معروف فتاح)ە، دیاردەی هاوبێژیی بە ناپێویست ناودەبات و جگە لە یاریکردن بە وشە، بۆ هیچ شتێک دەستنادات. بڕوانە (فتاح 1990، 171). (جۆن لیۆنز)یش بەم شێوەیە دیاردەی هاوبێژیی ناساندووە "یەک فۆرم، کە دوو واتا یان زیاتری هەبێت" (س. قادر 2000، 7). بوونی ئەم دیاردەیە لە زماندا ئەگەرچی پێویست نەبێت، بەڵام وەک هەر دیاردەیەکی تری ناو دیاردەکانی پەیوەندییە واتاییەکان ئاساییە و ئاڵۆزی و سەرلێتێکدانی بەکارهێنەری زمانی لێناکەوێتەوە، بگرە هەندێکجار پێویستیشە، چونکە بە تەنها فۆرمێک دەتوانرێت چەند چەمک و واتایەکی زیاتر لە خۆی بگرێت. هەروەکو چۆن هاوواتایی بە فۆرمێک دەتوانێت چەندین واتا بگەیەنێت و زۆرجاریش واتاکان لەیەکترییەوە نزیکن و هەندێکجاریش دوورن، کە زیاتر بەرەو هاوبێژیی هەنگاو دەنێت. بۆ نموونە:

1- سەر، لە سەربەرز و سەربڕین و سەربڕخانە و سەرتاش...هتد، بە واتای سەری مرۆڤ و ئاژەڵ دێت، بەڵام لە سەردار و سەرکەوت و سەرلەبەیانی و لا سەروو (کرمانجی سەروو) و سەرلێدان،...هتد، بە واتای ئاراستە وەک ئاوەڵکردارێک دێت. بێگومان ئاراستەی سەری مرۆڤیش هەر لە سەرەوەیە بۆیە جگە لە خودی شتەکە، ئاراستەکەی وەرگیراوە، کە زۆر لە سەرووی سەری مرۆڤەوەن، هەندێکجار شوێنی دەگەیەنن وەک سەرین، لەسەرلا، سەربەرەوخوار[1].... هاوکات هەندێکجاریش بۆ واتای وەرگرتنی باج و خەراجیش بەکاردەهێنرێت وەک سەرانە، هەروەها (ژمارە + سەر) کە ئەمەیان زیاتر بۆ هەژماری ئاژەڵە و وەڵامی پرسیاری (چەند سەر) دەداتەوە.

2- هۆڵ (قاعة)، بەواتای شوێنێکی فراوان دێت، هاوکات لە جووتە وشەی لێکدراوی (چۆڵ و هۆڵ)دا، ئایا ئەم هۆڵە هەمان هۆڵ(قاعة) دەگەیەنێت؟ لێرەدا ناتوانرێت ڕاستەوخۆ وەڵامی ڕەتکردنەوەی بدرێتەوە، بەڵکو بە لێوردبوونەوە دەردەکەوێت لایەنی لێکچوو لە نێوانیاندا زۆرە بۆیە ناتوانرێت وەک هاوبێژ پۆلێن بکرێت.[2]

هۆڵ +ڕووبەر (شوێنی فراوان)

+ بێدەنگیی (گەورەیی شوێنەکە وابکات دەنگەدەنگ کەمبکاتەوە)

[1] . شێخ سەلامی شاعیر بەسەرهاتێکی خۆی لە شێوەی شیعردا، لە یەکێک لە گوندەکانی نزیک پێنجوێن بە ناوی کانی مانگا، کە ئەوکاتە شوێنەکەی لە بەرزیداو لە دامێنی چیای هۆمەران و لای چەپی چیای ملەکەوەی گرتبوو، بەڵام ئێستا ئەو گوندە لە سەر شەقامی سەرەکیی سلێمانیی پێنجوێن بونیادنراوەتەوە، لە شیعرێکدا دەڵێت: "بەختەکەم بەدبەخت و شومە سەر لە جێگە پێ ئەنێم ئارەزووم ئاوی (حەیاتە) (کانی مانگا) دێتەڕێم" (سەر لە جێگە پێ ئەنێم) یەکێک بوو لەو دەربڕینانەی پەیوەندیی بەم باسەوە هەبوو، کە جێگە نووستنەکەی سەرەبەرەو خوار بووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (سەلام 1991، 66).

[2] . بە سوودوەرگرتن لە چاوپێکەوتنێکی ئەکادیمی لەگەڵ (پ.د.فاروق عومەر سدیق)، لە ساڵی 2014.

+ قەرەباڵغی (واتە جێی زۆر کەسی تێدا ببێتەوە)

ئەم سیما واتاییانە ئەوە ڕوون دەکەنەوە، کە هەردوو وشەکە پەیوەندیی واتاییان پێکەوە هەیە.

جگە لە مۆرفیمە سەربەخۆکان، مۆرفیمە ئەرکییەکانیش وەک ئامراز و جێناوە سەربەخۆکان، تەنانەت لە ناو مۆرفیمە وشەگۆڕەکانیشدا دیاردەی هاوبێژی دەردەکەوێت. پەیوەست بەم باسەوە ئامرازەکان وەک پێشناوی (نە) لەگەڵ مۆرفیمی وشەگۆڕی نەرێکردنی کرداری ڕابردوو، لە شێوەزاری هەورامی هەر /نە/ یە. واتە بە دوو شێوە لەم شێوەزارەدا دەردەکەوێت؛ ئەوانیش 1) پێشناوی (نە)، کە لە ڕووی واتاییەوە دەبێتە فرەواتا، چونکە زۆرجار ئەرکی پێشناوی (لە) دەبینێت و هەندێکجاریش ئەرکی واتایی (بە)و (لێ)و(لە...دا) و (بە...دا) دەبینێت. 2) مۆرفیمی نەرێی کرداری ڕابردوو /نە/ و نەرێی کرداری ناتەواو/ناوازەی (بوون)/.

"مۆرفیمی /نە-/: جۆرەکانی ڕێژەی ڕابردووی ئیخباری و ئینشائی، لەگەڵ ڕانەبردووی ئیلزامی، نەرێ دەکات" (قادر 2002، 79) هاوکات مۆرفیمی /مە-/ بۆ نەرێکردنی کرداری ڕانەبردوو، داخوازی، نەرێ دەکات. بۆ نموونە:

1- /مە-/: موەروو ⟵ مەوەروو [ڕانەبردوو]

2- أ- /نە-/: واردم ⟵ نەواردم (نەمخوارد) [ڕابردووی ئیخباری]

ب- /نە-/: بلوو ⟵ نەلوو (نەڕۆم) [ڕانەبردووی ئیلزامی]

پ- /نە-/: نۆیستەبێم ⟵ نەنۆیستەبێم (نەمنووسیایە) (قادر 2002، 78-79) [ڕابردووی بەردەوامی دانانی]

هەموو ئەمانە بەشێکن لە ڕووکاری کردار و نەرێکردن دەگەیەنن، ئەوەی تێبینیی دەکرێت لە نموونەی (1)دا هاوشێوەی کرمانجی ناوەڕاست لە ڕانەبردوودا مۆرفیمی نەرێکردن دەچێتە شوێنی ئەسپێکتەکە و لایدەبات.

[نە] لە هەنبانەبۆرینەی هەژاردا بە سێ شێوە ڕاڤەکراوە، "1. لە، دە، وشەی دەفرایەتییە: (نە تۆی دەرون دا)؛ 2. پێچەوانەی ئا؛ 3.پیتی پرسیار (نەولۆیە؟)." (هەژار 1389، 877)

یەکەمیان مەبەست لە وشەی ئاوەڵکراداری(ئەدڤێربڵ)یە، دووەمیان نەرێیە و پێچەوانەی ئەرێیە و سێیەمیشیان وەک ئامرازی پرس بەکاردێت (نەڕۆیشتووە؟)[3]. دووەم و سێیەم لە کرمانجی ناوەڕاست و خوارووی زمانی کوردیی بەکاردەهێنرێت، بەڵام ئەوەی یەکەمیان تەنیا لە شێوەزاری هەورامی دا بوونی هەیە و پاری یەکەمی بەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیەی بۆ تەرخانکراوە.

[3] . بە هۆی بەرزکردنەوەی ئاوازەکەیەوە لە کۆتایی کردارەکەدا، مۆرفیمی نەرێ شێوازێکی پرسیاریی دەهێنێتە ئاراوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (ڕەسول 1991) و (عبدالرحيم 2023).

sjh@univsul.edu.iq

هەروەها لە (وشەنامەی هەورامـی و کـوردیی ناوەڕاسـت)دا بەمشـێوەیە ڕاڤەی [نە] کـراوە؛ "نە ئـامرازی نەهـی و نەفیە، پاشگرێکە بە واتای ((دا/تێ، کات، لە، لە ...دا))"دێت. (بێدار 2010، 954) بەهەمانشێوە ئەوە پشتڕاسـت دەکـاتەوە کە ئەم مۆرفیمە هاوبێژ و فرەواتایە، بۆ دوو مەبەستی سەرەکیی بەکاردەهێنرێت، ئەویـش ئـامرازی نەرێکـردن و پێشـناوێکە، کە ئەو بە پاشگر ناوی هێناوە.

## 2/ بەشی دووەم: هاوبێژی و فرەواتایی مۆرفیمی [نە] لە دەقی شیعرەکانی مەولەوی دا

مۆرفیمی [نە] دوو ڕۆڵی سەرەکیی لە دەقی شیعرەکانی مەولەوی دا هەیە، کە هاوبێژییان هێناوەتە ئاراوە، چـونکە دوو ڕۆڵـی جیاوازیان هەیە، کە هیچ پەیوەندییەکی واتایی نایـانگرێتەوە، واتـا هـاوبێژن، بەڵام لە نـاو هەریەک لەو دوو ڕۆڵەدا مـۆرفیمی [نە] وەک پێشـناو، چەنـد واتـایەکی لێکسـیکیی جیاوازیـان هەیە، چـونکە زۆرجـار بە واتـای [لە] دێـت و هەنـدێکجاریش بە واتاکانی [بە ، لێ ، لە...دا ، بە .....دا] دێت، ئەمەش دیاردەی فرەواتایی هێناوەتە ئاراوە.

بەشێوەیەکی گشتیی، مۆرفیمی [نە] دوو ڕۆڵی هەیە؛ یەکەمیان وەک پێشناو و دووەمیشیان وەک نەرێکردنی کردار.jklll

### 1-2/ بەرجەستەکردنی ڕۆڵی پێشناوی (نە) لە دەقی شیعرەکانی مەولەوی دا

ئەوەی پێشبینییدەکرێت ئەوەیە، ئەم مۆرفیمە وەک پێشـناو لە زۆربەی نمـوونە شـیعرەکانی ئەم پـارەدا ڕۆڵـی واتـایی (لە) ببینێت. بۆ نمونە:

1) "چنگ پێکۆ نە جەرگ نەغمەی سازەکەت

بەرارۆ تۆتۆ میقراز گـــــازەکـــــــــــــەت"

واتە: با نەغمەی سازەکەت چنگ گیرکا لە جەرگم، چین چین وەکو مقەس دەری کێشی. (مدرس 1384، 27)

گرێی پێشناویی: ئامراز + ناو // نە جەرگ .... مۆرفیمەکە ئەرکی واتایی (لە)ی بینیوە.

لە نیوەدێری یەکەمدا ڕیزبەندییەکەی زمانی کوردی ئاوەژووکردووەتەوە، چونکە کردار هێنراوەتە پێشەوە بـۆئەوەی واتایەکی شیاوتر بە بەری دەقەدا بکات، بەڵام گـرێ پێشـناوییەکەی لە هەمـان شـوێنی خۆیـدا جێگیرکـردووە، چـونکە ئەرکـی تەواوکەری کـرداری هەیە و دوابەدوای کـردارەکە دانـراوەتەوە، نیـوەدێری دووەمـیش بە پێـی ئەناڵۆژیـای نیـوەدێری یەکەم هۆنیووەتەوە، بۆ ئەوەی سەرواکانیان یەکبخات و هاوسەنگیان بکات.

2) "سا دەروێش! کەفێ بدە نە رووی دەف

گیان مونتەزرەن پەرێ ڕێزەی دەف " (مدرس 1384، 28)

واتە: ئەی دەروێش بەری دەستت بدە لە سەر ڕووی دەفەکەت و گیان چاوەڕوانی لەرینەوەی ئەو ئەڵقانەی دەوری دەفەکەوەن.

sjh@univsul.edu.iq

نە رووی دەف: لە سەر ڕووی دەف ... واتە ئەرکی پێشناوی (لە)ی بینیوە.

لە نیوەدێڕی یەکەمدا شاعیر بکەری لە جێکەوتەی خۆیدا دانـاوەتەوە، بەڵام گـریّ پێشـناوییەکەی بـردووەتە پـاش کـردارەکە، ئەمەش لە ڕستەی کوردیدا ڕێگەپێدراوە، ئەگەر هـاتوو ڕۆڵـی تەواوکەری بەیاریدەی بینیبـوو، هەروەهـا کەرەسـتەیەکی نـا بنجییە.

3) "دەوڵەتەکەی وەسڵ یا نە زەواڵەن
جارێوتەر دیدەن باڵات مەحالەن" (مدرس 1384، 29)

یا نە زەواڵەن : یێ لە لەناوچوونە

نیوەدێڕی یەکەم کە ئامرازەکەی تێدا بەکارهێناوە کردارەکەی کرداری ناوازەی (بوون)ە بۆ کاتی ئێستا کە دەرنەکەوتـووە، ئەم شێوە گەردانییەی کردارە ناوازەکە لە کرمانجی ناوەڕاستیشدا هەر بە هەمانشێوەیە و بۆ کاتی ئێستا دەرناکەوێت.

4) "یا خۆ تۆ دابۆت وە دڵ مەزەی مەرگ
تیر خەدەنگت دا بۆ نە تۆی جەرگ"

واتە: یاخود تۆ تامی مەرگت بە دڵم چشاندبێ و بە تیری برژانگەکانـت جەرگمـت برینـدار کردبـێ و دڵمـت بێبەش کردبـێ لە پێکران. بڕوانە (مدرس 1384، 31)

نە تۆی جەرگ : لە توێی جەرگم

لە نیوەدێڕی دووەمدا گریّ پێشناوییەکە ڕۆڵی بەرکاری ناڕاستەوخۆی بینیوە، کەرەستەیەکی سـەرەکییە لە ڕسـتەکەدا و ئەگەر لاببرێت ڕستەیەکی ناتەواو دەستەبەردەکات.

5) "عەرەق چون شەونم نیشتەن نە رووی گوڵ
تەڕ کەردەن تاتای توغراکەی سونبوڵ" (سەرچاوەی پێشوو، 34)

ئارەقی (نێوچەوانی) وەک شەونم لە سەر ڕووی کوڵمی یارە، زوڵفە لوول خواردووەکەی تەڕکردووە.

نە رووی گوڵ : لە سەر پەڕەی گوڵ

(نە) ڕۆڵی پێشناوی (لە)ی بینیوە، لەگەڵ ناوەکەیدا ڕۆڵی ئاوەڵکرداری شوێنیی بینیوە، چونکە شەونم لە سـەر پەڕەکـانی گـوڵ نیشتووە و کـاریگەریی کـردۆتە سـەر ئەو قەتـرە وردانە و بـۆنی گـوڵی پێبەخشـیوە، دواتـر بە عەرەقەی شـوبهاندووە کەوا لە کوڵمییەوە تێکەڵی زوڵفی لوولی سەر ڕووی بووە.

6) "نامت چون ئەوراد سوبح و ئێواران
موانووش وە گەرم نە پای دیواران
چەمم چون شاباز وێڵ شکار بۆ
دایم باڵ پەرواز نە سەر دیار بۆ" (مدرس 1384، 39)

نە پای دیواران: لە پەنای دیوارانەدا

نە سەر دیوار بۆ: بە سەر وڵاتاندا

ئەگەر لەم دوو گرێ پێشناوییە وردبینەوە، دەبینین هەردوو گرێی پێشناوی (نە + پای دیواران) و (نە + سەر دیار بۆ) هەردوو پێشناوەکە بۆ دوو واتا و ئەرک بەکاردەهێنرێن، لە یەکەمیانیاندا بە واتای (لە...دا) و دووەمیشیان بە واتای (بە...دا) دێت، ئەمەش دیاردەی فرەواتایی مۆرفیمی (نە)یە، لەم دوو بەیتە شیعرییەدا، هاوکات توانای شاعیر لە بەرجەستەکردنی ئەو مۆرفیمەدا دەردەخات..

7) "هەر تەرزێ پەی وێش بکەرۆ رازێ
گێرۆ نە دەروون هەر سازێ گازێ" (مدرس 1384، 45)

نە دەروون : لە دەروون (دڵ)

گرێ پێشناوییەکە لە ڕووی سینتاکسییەوە ئەرکی گرێی ئاوەڵکرداریی شوێنی بینیوە. پێشناوی (نە) ئەرکی واتایی (لە)ی بینیوە.

8) "کەرەم دەر نە دەس رجای ئەوگاران
بۆ بەخشەم وە عەشق ((مظنە))ی یاران" (سەرچاوەی پێشوو، 48)

نە دەس: لە دەست ، ئەوگاران: گرفتاران

9) "شاخەی شریخەی برووسکەی دەروون
نە چەم شەتاوان جاری کەرد چون هوون" (سەرچاوەی پێشوو، 49)



SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

نە چەم شەتاو : شەتاو لە چاوم دێنێ (خوێن وەک شەتاو لە چاوەکانم دەردێنێ)

10) "مەوج مدۆ لافاو هوون دەجلەی دڵ
نە فوارەی چەم هۆر مشانۆ گڵ " (سەرچاوەی پێشوو، 50)

نە فوارەی چەم : لە فوارەی چاوەکانمەوە (گڵ فڕێدەدات، گڵ بە واتای زوخاو).

11) "کای دڵم نە گێج مەوج فەنادا
مۆڵەقەن نە بەین خۆف و رجادا"

نە بەین خۆف و رجادا : لە نێوان ترس و تکای لە ناوچووندا وەستاوە. گرێکە پێشناو و پاشناوی (لە ....دا) پێکهاتووە.

واتای دەقەکە: دڵەی وەک پووشم لە گێژی شەپۆلی لەناوچووندا وەستاوە لە بەینی ترسی لەناوچوون و هیوای مانەوەدا. بڕوانە (مدرس 1384، 50)

12) "چەند فەرد ((مەعدووم)) دەروون نە وەی دا
باوەر جە تەنخوای ناڵە وە نەی دا:
من وێم مزانوو کامم تۆمم کاڵان
یاران پەی هیممەت وە نەم مەلاڵان " (سەرچاوەی پێشوو، 48)

دەروون نە وەی دا: دەروون لە نارەحەتیدا

وەنەم مەلاڵان : لێم ئەلاڵێنەوە

(لە ....دا) لە نیوەدێڕی یەکەمدا هەروەها لە نیوەدێڕی دووەمی دێڕی دووەمدا بە واتای (لێ) هاتووە.

13) "فکرو خەیاڵان وەسواسەی وەفات
دایم نە دڵەن نە رووی سەر بسات"(سەرچاوەی پێشوو، 49)

دایم نە دڵەن: هەمیشە لە دڵمن (نە : لە)

نە رووی سەر بسات : لەم سەر زەوییەدا (نە: لە ...دا)

14) زەرەی بۆی زوڵفت کەفتەن نە بەرزان
بۆی گوڵان کەردەن جە بەرزان هەرزان

"زەرەیەک بۆنی زوڵفت کەوتووەتە بەرزان بۆنی گوڵانی لە سەر بەرزان هەرزان کردووە ... کەم بەهایی و بێ نرخبوونی گوڵ، لە چاو بۆنی زوڵفدا" (کەریم 2013، 32)

15) وەهارەن سەیرەن، سەوزەی دیاران
نم کەوت نە دیدەش چون شەو بێداران


وەرزی بەهارەو سەوزایی هەموو شوێنێکی داپۆشیوە، گوڵ و گیای دەشت و کۆسارەکان شەونم لە سەریان نیشتووە، وەک فرمێسکی ڕوومەتی ئەوانەی بێداری شەون. (کوێخارۆستەم 2016، 322) بەهەمانشێوە [نە] ڕۆڵی واتایی (لە)ی بینیوە.

لە کۆتایی ئەم پارەدا، کە (15) نموونەی شیعریی هێنراوەتەوە، داتای بەکارهێنراوی مۆرفیمی [نە] بەم شێوەیە بوون:

| مۆرفیمی [نە] و بەکارهێنانەکانی وەک فرەواتا لە هەر (15) نموونە شیعرییەکەدا، کە (17) جار بەکارهێنراوە:- | | | |
|---|---|---|---|
| لە | لە ...... دا | بە......دا | لێ |
| 11 جار | 3 جار | 2 جار | 1 جار |

**خشتەی ژمارە (1)**

لە خشتەی ژمارە (1)دا، لە کۆی پانزە نموونەی شیعریی ئەوە ڕوون بووەوە، کە مۆرفیمی [نە] یانزە جار وەک پێشناوی [لە] و سێ جار وەک پێشناوی [لە...دا] و دوو جار وەک پێشناوی [بە......دا] و یەک جاریش وەک پێشناوی [لێ] بەکارهێنراوە، ئەمەش دیاردەی فرەواتایی مۆرفیمەکە نیشان دەدات. لە خوارەوەش بە چارتێک ئامارەکە دەخرێتە ڕوو:



لە چارتی یەکەمدا لە کۆی 15 نمونە شیعریدا 17 جار مۆرفیمەکە بەکارهێنراوە و زۆرترین جار وەک پێشناوی (لە) و کەمترینیش وەک (لێ) بەکارهێنراوە.

**2-2/ مۆرفیمە وشەگۆڕەکانی (نە) لە نەرێکردنی کرداری ڕابردووی هەواڵی و ڕانەبردووی دانانی (ئیلزامی)دا**

لە پاری دووەمدا، پێشبینییدەکرێت مۆرفیمی [نە] وەک مۆرفیمی نەرێکردنی کردار بەکارهێنرابێت و ئەمەش لەگەڵ ڕۆڵەکانی پاری یەکەمی بەشی دووەمدا بوونی هاوبێژیی لەنێوانیاندا پشتڕاست دەکاتەوە، چونکە هیچ پەیوەندییەکی ڕیشەیی پێکە نایانبەستێتەوە. بۆ نمونە:

16) "بەڵ ئیمشەو خەمان نە دەرۆم وە باد

ساقی! گیان، قوربان، خاتر کەرە شاد" (مدرس 1384، 29)

بەڵکو ئەمشەو خەم نەمدا بە با (بمفەوتێنێ)، ساقی گیان بە قوربان دڵم شاد بکە. (کەریم 2013، 14)

نە دەرۆم وە باد: نەمدا بە با

کاری ڕابردووی هەواڵیی نەرێکردووە.

17) "یا نەدابۆت تۆزگەرد پاڵاکەت

پەرێ سورمەی چەم سفتەی باڵاکەت"

واتە: تۆزی کەوشەکانت نەدابێ بۆ کلەی چاوی ئەو کەسەی سووتاوی عەشقی باڵاتە. (مدرس 1384، 31)

نەدابۆت: نەدابێ "پیرەمێرد لە وەرگێرانەکەیدا، دەڵێت یا نەتناردبێ تۆزی پێڵاوەکەت بۆ کلـی چـاوی کـوێری پێنـاوت) واتە لە بری نەدابێ، بۆ (نەتناردبێ) ی وەرگێڕاوە." (کەریم 2013، 22) کردارەکە کردارێکی ڕابردووی دانانیی نزیکە.

18) ئیحیا نەبوون، سا نەشوون مەردەن:

نامەکەش ئامان، گلەییش کەردەن (مدرس 1384، 35)

أ) ئیحیا نەبوون : زیندوو نەبمەوە....،

ب) نەشوون مەردەن : نەچمەوە مردن...، هەردوو کرداری (نەبوون و نەشوون) ڕانەبردووی دانانین.

19) نە وەخت هیجران ویداعت فاما،

نە وە شەماڵ دا پەیامت ئاما (سەرچاوەی پێشوو، 36)

نە وەخت هیچران: نە کاتی کۆچکردن

نە وە شەماڵ دا: نە بە شەماڵدا

مۆرفیمی وشەگۆڕی (نە)، کە بە نووسەکیش دادەنرێت، بەوپێیەی وەک بەرگرێک شوێنی خۆی دەگۆڕێت و گوازراوەتەوە بۆ پێش تەواوکەری کردارەکەوە، کە گرێ پێشناوییەکەیە، واتە هەردوو مۆرفیمەکە کرداری ڕابردووی هەواڵیی نەرێکردووە.

20) قاڵبم بێ رۆح، ئەڕوام نەمەندەن
من دان حەیات زیندەگیم کەندەن (سەرچاوەی پێشوو، 39)

نەمەندەن : نەماوم

کرداری ڕابردووی نزیکی نەرێکردووە.

21) وەرنە یانێ چێش نە جاران جارێ
خەبەر نەپەرسی جە راویارێ؟
ئومێدم ئێدەن، ئامانەن ئامان!
جەی فێشتەر ناسۆر نەوزی زامان (مدرس 1384، 40)

نەجاران جارێ : جارێ لە جاران

نەپەرسی: نەپرسی

نەوزی: نەخەی

لە هەردوو بەیتی (21)دا مۆرفیمی [نە]ی جارێک وەک پێشناو بەکارهێناوە و دواتر دووجار بۆ بۆ نەرێی، کە هەردووکیان کرداری ڕانەبردووی دانانییە، ئەمەش دیاردەی هاوبێژییە، ئەمەش توانایەکی زمانیی شاعیرە، توانیویەتی بە فۆرمێک دوو واتای جیاواز بگەیەنێت، کە هەر لەم بەیتەدا هەردوو دیاردەی هاوبێژی و فرەواتایی تێدا بەدیدەکرێت.

22) نە ساڵ و نە ماه، نە هەفتە نە شەو
نە ساتێ ئارام، نە دەقیقە خەو
نمە شۆم نە چەم، دیدەم، نەدووریت

هەر ئێد موانوون: ئاخ جە مەهجووریت! (سەرچاوەی پێشوو، 40)

نە ساڵ و نە ماه، نە هەفتە، نە شەو: نەساڵ و نەمانگ، نەهەفتە نەشەو نە ساتێک ئارامم..نە خولەکێک خەو ... ئەمانە هەمووی هۆکارن بۆ ئەوەی خەو نەچێتە چاوی... هەمووی نەرێکردنی کرداری ناوازەی بوونە بۆ کاتی ئێستا، بەڵام نە دووریت: لەدووریت لێرەدا دیسان وەک پێشناو بەکاری هێناوە.

23) "پووشەکەی جەستەم وە پەنا کەفتەن
سامیعەم خەبەر یاران نەشنەفتەن " (سەرچاوەی پێشوو، 41)

نەشنەفتەن: نەی بیستووە ...، کرداری ڕابردووی نەرێکردووە

24) چۆن نەبرێو تای رشتەی سەبووری؟
گۆش چۆن وێش مدۆ وە قسەی دووری؟

"چۆن نەپچڕێت تاڵی ڕیسراوی سەبوری، گوێ چۆن خۆی لە قەرەی بیستنی قسەو باسی دووری دەدات." (کەریم 2013، 35)

نەبرێو : نەپچڕێت (کردارەکە لە تافی ڕانەبردووە)

25) تا جە تۆ بریام وە مەرگت قەسەم
ساتێ ئاسایش نەدیەنم وە چەم
نە کەری خەیاڵ گلەیی کەردەن
نەواچی بادەی بێ شەرتیش وەردەن
ئەر زەلیل دەس بێ شەرتان نەبوون
کەی مە بۆ مەیلت فەرامۆش کەروون؟ (مدرس 1384، 43)

نەدیەنم : نەمبینیوە، نەواچی: نەڵێی، نەبوون : نەبم (جارێک کرداری ڕابردووی تەواوی هەواڵی نەرێکردووە، جاری دووەم کرداری ڕانەبردووی دانانی ئەمەش دیاردەی فرەواتاییە.

26) یاوا، وات، نامەی شیرین ئێنشادت:
نەی ڕەمەزان دا نەشوون جە یادت (سەرچاوەی پێشوو، 47)

نەشوون : نەچم ، ڕۆڵی نەرێکردنی کرداری ڕانەبردووی بینیوە.

نەی ڕەمەزان دا : لە ڕەمەزاندا

27) "ساقی ئامانەن نەشو جە ویرت
وەفریادم ڕەس تو بەشقی پیرت"

بە عەشقی پیر سوێندی ساقی دەدات بۆ ئەوەی بێت بە فریادڕەسی و لەبیر نەکرێت. دیارە (پیر) لە هەورامانـدا سەرباشـقەی پیر و عیرفانە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (کەریم 2013، 13)

نەشو جەویرت: لە بیرت نەچم

لەم گرێ پێشناوییەدا، (نە) بۆ نەرێکردنـی کـرداری ڕانەبـردووی دانـانی بەکارهـاتووە، هاوکـات (جە)ی بەکارهێنـاوە کە بە واتای (لە) دێت!

28) وەختێ گۆشەی شار خامۆشان بۆ جێم
نەبوون وە تەسدیع هامسایان وێم  (مدرس 1384، 49)

نەبوون : نەبم

لەم دەقەدا کـاری نـاوازەی (بـوو)ە، لەم بەیـتەدا شـاعیر داوا لە خـوای پەروەردگـار دەکـات دوای مردنیشـی نەبێـتە هـۆی بێزارکردنی دراوسێ گۆڕەکانی.

29) ئازیزم! گوڵاو بۆی خۆی کوڵم تۆن
ئەر بۆی نە بۆ بۆی گوڵاو جەکۆن؟

"ئازیز گوڵاو بۆنی عارەقەی کوڵمی تۆیە، ئەگەر بۆنی تۆ نەبێ، گوڵاو بۆنی لەکوێیە؟" (کەریم 2013، 31)

نەبۆ : نەبێ

نەرێکردنی کرداری ناوازەی (بوو)ە.

30) نە هات و نەهات دڵ ماتەن ئیمشەو
ئەڵبەت شنۆی شەو بەراتەی ئیمشەو

لە چـاوەڕێی هـات و نەهاتـدا دڵـم مـاتە، وا دیـارە ئەمشـەو شـنەبای شـەوی بەراتە، ئەمشـەو شـەوی پێـداچوونەوەی دەفتەری (میرزای ئەزەل – پەروەردگارە). (کوێخاڕۆستەم 2016، 395)

لەم دێڕەدا هەردوو مۆرفیمەکە بەکارهێنراوە، لە یەکەمیاندا مۆرفیمێکی ئەرکیی سەربەخۆیە-پێشناوە و لە دووەمەدا مۆرفیمی نەرێکردنی کردارەکەیە، لە رووی رێنووسیشەوە پێویستە لە دوای (نە)ی یەکەم و (هات) سپەیسێک هەبێت، چونکە دوو مۆرفیمی سەربەخۆن، بەڵام لە دووەمیاندا دەبێت پێکەوە لکا بن، چونکە کردارێکی نەرێیە.

31) ئاخ، پەی خەڵوەتێ بدیام وە بێ خەم
سیوای تۆ دیدەم، کەس نەدیام وەچەم

خۆزگە جێگایەکی چۆڵم دەست دەکەوت بەبێ خەم لێیەوە بمڕوانییایە بۆت و لە تۆ بەولاوە (چاوەکەم) کەسم بە چاوی خۆم نەدیبیایە. (حیجازی 1383، 26) لێرەدا مۆرفیمەکە نەرێکردنی کرداری ڕابردووی دانانییە.

.

داتای بەکارهێنانی مۆرفیمەکە لە خشتەی ژمارە (2) خراوەتە ڕوو:

| کرداری ڕابردووی هەواڵی | کرداری ناوازەی (بوو) بۆ کاتی ئێستاو داهاتوو | پێشناو | کرداری ڕانەبردووی دانانی | کرداری ڕابردووی دانانی | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| 7 | 11 | 4 | 8 | 2 | 32 |

**خشتەی ژمارە (2)**

خشتەی ژمارە (2) ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کۆی بەکارهێنانی مۆرفیمی [نە] لەم پاری دووەمی بەشی دووەمدا، لە شانزە پارچە شیعر پێکهاتووە، کە (32) جار بەکارهێنراوە بەمشێوەیە؛ بەکارهێنانی وەکو نەرێکردنی کرداری ڕابردووی تەواو (7) جار، نەرێکردنی کرداری ناوازەی (بوو) (11) جار، پێشناو (4) جار، نەرێکردنی کرداری ڕانەبردووی دانانی (8) جار و نەرێکردنی کرداری ڕابردووی دانانیش تەنیا (2) جار بەکارهێنراوە، لە چارتی ژمارە (2)دا، چالاکیی و ناچالاکیی مۆرفیمەکە خراوەتە ڕوو:




لە چارتی ژمارە (2)دا ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە بەکارهێنانی مۆرفیمەکەدا، نەرێکردنی کرداری ناوازەی (بوو) لە هەموویان چالاکترە، دواتر نەرێکردنی کرداری ڕانەبردووی دانانی و نەرێکردنی کرداری ڕابردووی هەواڵییە و پێشناو و نەرێکردنی کرداری ڕابردووی دانانی لە هەموویان کەمترە.


دیوانەکە ( 550 ) لاپەڕەیە، بەشی یەکەمی دیوانە شیعرییەکە تیپی ئەلفییە و کۆی 37 پارچە شیعرە، داتاکانی بەکارهێنانی مۆرفیمی [نە] لەم خشتەیەی خوارەوە ڕوونکراوەتەوە:-

| بەشی یەکەمی دیوانەکە | ژمارەی پارچە شیعر | کۆی بەکارهێنانی مۆرفیمی [نە] | ژمارەی بەکارهێنان وەک پێشناو | ژمارەی بەکارهێنان وەک نەرێکردنی کردار |
|---|---|---|---|---|
| 26-81 لاپەڕە | 37 | 126 | 70 | 56 |

**خشتەی ژمارە (3)**

بەشی یەکەمی دیوانە شیعرییەکە، کە بە تیپی ئەلفن، نزیکەی (37) پارچە شیعرە و لە هەموو تیپەکانی تر ژمارەیان زیاترە، لە کۆی ئەو (37) پارچە شیعرییەی لە دیوانەکەدا ئاماری بەکارهێنانی مۆرفیمی [نە] کراوە، دەرکەوت لە کۆی ئەو شیعرانە (126) جار مۆرفیمی [نە] بەکارهێنراوە و (70) جاریان وەک پێشناو و (56) جاریش وەک مۆرفیمی نەرێکردنی

کردار بەکارهێنراوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەم مۆرفیمە لە زاری شیعرەکانی مەولەوی دا زۆر چالاکانە و شارەزایانە بەکارهێنراوە.




چارتی ژمارە (3) ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە لە کۆی سی و حەوت پارچە شیعری بەشی یەکەمی دیوانەکە، کە سەر بە تیپی ئەلفییە، زۆرترین ڕێژە بەکارهێنانی مۆرفیمەکەیە وەکو پێشناو (70)یە و کەمترینیش نەرێکردنی کردارە (56)ە.

**ئەنجام**

1) مۆرفیمی [نە] مۆرفیمێکی چالاکە لە شێوەزاری هەورامیدا، دوو ئەرک یان زیاتری لەم شێوەزارەدا هەیە، چونکە زۆرجار وەک پێشناوێک ڕۆڵی لە ڕۆنانی گرێی پێشناوییدا هەیە، کە زیاتر بەرانبەر [جە] دەوەستێتەوە، بە واتای [لە] دێت. هاوکات ئەرکێکی تری ئەم مۆرفیمە نەرێکردنی کرداری ڕابردووی هەواڵی و ڕابردووی بەردەوامی دانانی و ڕانەبردووی دانانی (ئیلزامی) دەبینێت.
2) ئەم مۆرفیمە جارێک وەک پێشناو دەردەکەوێت و جارێکیش وەک نەرێکردنی کردار بەکاردەهێنرێت، بۆیە بە دیاردەی هاوبێژیی لەم شێوەزارە دادەنرێت.
3) هەندێکجار مۆرفیمی [نە] واتای [لە] و [لە...دا] و [لێ] دەگەیەنێت و کەمجاریش بە واتای [بە] و [بە ...دا] دێت. بۆیە بە دیاردەی فرەواتایی دادەنرێت.
4) لە نەرێکردنی کرداردا بە هۆی مۆرفیمی (نە)وە، زۆرترین بەکارهێنانی کرداری ناوازەی (بوو)ە، پاشان کرداری ڕانەبردووی دانانی دێت، دواتر کرداری ڕابردووی هەواڵیی و کەمترین بەکارهێنانیش کرداری ڕابردووی دانانییە.

**لیستی سەرچاوەکان**


1- بێدار ,جمال حبیب الله، *وشەنامە هۆرامی-کوردیی ناوەڕاست* .هەولێر :بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی.2010

2- ڕەسول ,عەبدوڵا حوسێن *ناکردن لە کوردیدا* .هەولێر :کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.1991 ,

3- حەسەن ,تابان محەمەد *کێڵگە واتاییەکان لە ڕکێفە مەودای کۆمەڵەوە* .سلێمانی :تێزی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.2014 ,

4- سەلام ,ئومێد ئاشنا، شێخ *دیوانی سەلام* .بەغدا :چاپخانەی الحوادث، لە بڵاوکراوەکانی پرۆژەی هاوسەر سلێمانی , 1991.

5- عبدالرحیم ,عثمان کریم *پرس و چەمکە شاراوەکانی لە زمانی کوردیدا* .سلێمانی :تێزی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.2023 ,

6- حیجازی, حەسەن گۆران و موحەمەد .1383 *دیوانی مەولەوی لە سەر بناغەی تێکۆشانی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس* .سنە: دەزگای ڕۆشنبیری گۆران، ئێران.

7- فتاح ,محمد معروف *زمانەوانی* .هەولێر :چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.1990 ,

8- قادر ,شێرکۆ حەمەئەمین *مۆرفیمە بەندە لێکسیکی و ڕێزمانییەکان و ئەرکیان لە دیالێکتی گۆراندا* .سلێمانی :زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زمان.2002 ,

9- قادر ,صباح رشید *هاوبێژی و فرەواتایی لە (گیرەک)دا* .سلێمانی :نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زمان , 2000.

10- کوێخاڕۆستەم, ئەیوب .2016 *مەولەوی و هونەری شیعر (لێکۆڵینەوەیەکی بابەتییانەیە)* .سلێمانی: چاپ یەکەم، چاپخانەی تەژنە.

11- کەریم هەمایۆن صاحب، شەریعەتی مەیل، ڕاڤەی شیعرەکانی مەولەوی، چاپی دووەم، سلێمانی.

12- مارف ,ئەوڕەحمانی حاجی *وشەی زمانی کوردی* .بەغدا :چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد.1975 ,

13- محەمەد ,شادان حەمەئەمین *پەیوەندییە واتاییەکانی ناو مرۆفیمە بەندەکان لە زمانی کوردیدا* .سلێمانی :نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.2016 ,

14- مدرس ,مەلاعبدالکرمیی *دیوانی مەولەوی* .سنندج، ایران چاپی سێیەم :بڵاوکەرەوەی کوردستان.1384 ,

15-مەعرووف ,عبدالجبار مستەفا .*لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ و سینتاکسی کوردیی* .سلێمانی :بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی سارا.2020 ,

16-هەژار ,عبدالرحمن شەرەفکەندی، .*هەنبانەبۆرینە فەرهەنگی کوردی  فارسی* .ئێران، چاپی حەوتەم :چاپخانەی انتشارات سروش لیتوگرافی.1389 ,

17-الماشطة ,ف .ر .بالمر ، ترجمة مجيد عبدالحليم .*علم الدلالة* .بغداد . 1985 ,

18- چاوپێکەوتنی زانستی لەگەڵ پرفیسۆر دکتۆر فاروق عومەر سدیق، 2014.

**الخلاصة:**

هذا البحث تحت عنوان (التجانس وتعدد المعاني للمورفيمِ(نه) في نصوص الشاعر مولوي)، محاولة شرح عدد من أبيات الشاعر (سيد عبدالرحيم المُلّ سعيد) المعروف ب(مولوي) وعُرف أيضاً ب(المعدومي) من قبل الشاعر نفسه، يلقي الضوء على النصوص الذي يحتوي فيه المورفيم (نه)، في شبه اللهجة الهورامية ألا وهي لغة التعبير للشاعر. قسمت البحث إلى فصلين، الفصل الأول كُرِسَتْ للجوانب النظرية للبحث، حيث عُرفتْ التجانس و تعدد المعاني، مبيناً الإختلافات و التباين بينهم. ففي الفصل الثاني المقسمة على جزئين في الجزء الأول يبحث عن تلك النصوص المبينة فيه (نه) كَحَرْفٍ جَر ، وفي الجزء الثاني مبيناً النصوص الذي يحتوي فيه (نه) كأداة نفي للأفعال الماضية، والفعل المضارع الإلزامي. أي يتبين هذا المورفيم مراتٍ كحرف جر، ومراتٍ كأداة نافية.

**Conclusion:**

This research, under the title (Homonymy and Polysemy of the Morpheme (Na) in the Poet Mawlawi’s Texts), is an attempt to explain a number of verses by the poet (Sayyid Abd al-Rahim al-Mul Saeed), known as (Mawlawi) and also known as (Al-Madumi) by the poet himself, sheds light on Texts that contain the morpheme (na), in a similarity to the Hawarami dialect, which is the poet’s language of expression. The research was divided into two chapters. The first chapter was devoted to the theoretical aspects of the research, where it defined homonymy and polysemy, indicating the differences and contrasts between them. In the second chapter, which is divided into two parts, in the first part, he searches for those texts that contain (na) as a preposition, and in the second part, he explains the texts that contain (na) as a negation

tool for past verbs, and the obligatory present tense. That is, this morpheme appears several times as a preposition, and sometimes as a negative particle.